Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10428

# فۆنۆلۆژی زمانی کوردی لە ژێر رۆشنایی گریمانەکاری توخمە دەنگییە ناتەواوەکاندا

سالار فایەق مەجید[١]، پێشرەوسالح عەلی[٢]

١- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق
٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

| Article Info | |
|---|---|
| Received: | March, 2023 |
| Revised: | April, 2023 |
| Accepted: | May, 2023 |
| Keywords | |
| نیشانەی جیاکەرەوە، هەمبەری، نیشانەکراو، بێلایەنبوون، کەم تایبەتمەندیی | |

Corresponding Author
salar.faeq@garmian.edu.krd
peshraw.salih@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر تیۆری دەنگە ناتەواوەکان لە بواری فۆنۆلۆژیدا، کە یەکێکە لە گرنگترین گریمانەکانی زمانەوانیی هاوچەرخ. گریمانەی دەنگە ناتەواوەکان پێشنیار دەکات کە یەکە دەنگییەکان (فۆنیمەکان) لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ناتەواو پێکهاتوون. دەنگەکان وەک یەکەی تەواو و نەگۆڕ سەیر ناکرێن، بەڵکو وەک کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە دەکرێت لە ژینگەی جیاوازدا بگۆڕێن. پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان (وەک تێکەڵبوون و گۆڕان) باشتر لەم روانگەیەوە شیدەکرێنەوە.

## پێشەکی:

### 1- ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (فۆنۆلۆژی زمانی کوردی لە ژێر رۆشنایی گریمانەکاری توخمە دەنگییە ناتەواوەکاندا)، گریمانەی توخمە ناتەواوەکان لە زانستی فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا، وەک وەچە ئاستێکی گرنگی زمان، رۆڵی خۆی هەیە لە پێڕەوی (سیستەمی) زماندا، چەند پێڕەوێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە پەیوەستن بە دارشتە و رێسا و یاساکانی زمانەوە.

### 2- گرنگی توێژینەوەکە:

هەوڵێکە بۆ ناساندنی نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکانی دەنگە زمانییەکان، یان فۆنیمەکان، بۆ هەموو تایبەتمەندییەکانیان بە تەواوی دیاری نەکراون و تایبەتمەندییە ونبووەکان دەبن بە بنەما، یان رێسای گشتی، کە سیستەمی دەنگی زمانێکی دیاریکراو بەرێوە دەبەن.

### 3- ئامانجی توێژینەوەکە:

بە گشتی تیۆرەکانی لێکۆڵینەوە، لە بواری زمان و بەتایبەتیش لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، جێگای گرنگی پێدانن. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت، چەند لایەنێکی ئەم ئاستە، بەپێی گریمانەی توخمە ناتەواوەکان (under specification) بخرێنەروو.

### 4- رێبازی توێژینەوەکە:

لە رێبازی توێژینەوەکەدا پێڕەوی "پەسنی شیکاری"بەکارهێنراوە.

### 5- کەرەستە و سنووری توێژینەوەکە:

نموونە و کەرەستەی توێژینەوەکە سوود لە ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵکیی وەرگیراوە، لە سنووری توێژینەوەکەدا دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەکارهێنراوە.

### 6- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** باسی گریمانەی توخمە ناتەواوەکان کراوە و لایەنی مێژوویی پێرەوەکە خراوەتەڕوو، لەگەڵ نموونەی پێویست بۆ دیاریکردنی نیشانەکراو و نیشانە نەکراو و لایەنەکانی پەیوەست بە جیاکەرەوەی فۆنێمەکانی زمانەکە.

**بەشی دووەم:** لەم بەشەدا باس لە لایەنە هەمبەریی فۆنیمەکان لە ئاستی دەنگسازیدا کراوە، لەگەڵ خستنەرووی بوون و نەبوونی هەندێک تایبەتمەندیی و لە توخمە سەرەکییەکانی فۆنیمەکان و دیاردەی بێلایەنبوون، هاوکات ئەم دیاردانە بە نموونەی پێویست ڕوونکراونەتەوە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان خراوەنەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

### 1تیۆری توخمە ناتەواوەکان :Under specification theory -

### 1-1 گریمانەی توخمە ناتەواوەکان

ئەوەی تا ئێستا تێبینی کراوە، هیچ زاراوەیەک هەمبەر بە ئەم تیۆرییە، لە زمانی کوردییدا نەخراوەتەڕوو، لەم ڕوانگەشەوە چەند زاراوەیەک دەخەینە ڕوو وەک تیۆری (دیارینەکراو، کەم تایبەتمەندیی) ئەم تیۆرییە هەر لە سەرەتایی پەیدابوونییەوە جێگای مشتومڕ بووە، ستانلی Stanley 1967 و مۆهانان Mohanan 1991و مککارتی و تاوب McCarthy and Taub 1992 و سمۆلینسکی Smolensky 1993, و ستریاید Steriade 1994 و ئەوانی تر، (بڕوانە Sharon Inkelas (1994: 1) لە زانستی زمانەوانی تیۆریدا، دیاردەیەکە کەتێیدا، شێوە دیاریکراوەکان لە نێو دروستەی قووڵدا لا دەبرێن و دەسڕدرێنەوە. تیۆری دیاری نەکراو تەنیا ئەو شێوانە لە خۆ دەگرێت کە دەکرێت شێوەکانیان دیاریکراوی ناتەواوبن، " لە تیۆرییە تایبەتمەندییەکانی فۆنۆلۆژیدا، زاراوەیەک کە پێناسەی جۆراوجۆری ڕێگاکان دەکات، کە بە پێویست دەزانرێت، زانیاری لە نوێنەرایەتییە فۆنۆلۆجییە بنچینەییەکان لا ببرێن. نوێنەرایەتییەکان دەبێت بە کەمترین شێوە دیاری بکرێن، یان کەم پێشبینی بکرێن Crystal (2008: 501) .ئەگەر بەهاکانیان چاوەڕوانکراوبن. «ئەو بیردۆزەی کە نوێنەرایەتییە بنچینەییەکان بە تەواوی دیاری نەکراون و ئەو زانیارییە زیادەیە (پێشبینیکراو) لە نوێنەرایەتییە بنچینەییەکاندا نییە. بەپێی بیردۆزی کەم پێشبینیکردن، هیچ کام لەم جۆرە جیاوازانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی وەرناگیرێن. بە سادەیی لە نوێنەرایەتی بنچینەییدا دیاری نەکراون، لەگەڵ ئەو زانیارییانەی، بە شێوەیەک لە دوای فەرهەنگ زیاد دەکرێن Jack C. Richards Richard Schmidt (2010: 616) «بۆ نموونە لە زۆربەی شێوە زارەکانی زمانی ئینگلیزیدا هەموو بزوێنەکانی پێشەوە (/æ, ɛ, e, ɪ, I /) چوارچێوەیان بۆ دیاری نەکراوە. «زۆر جار لە کاتی کارکردن لەسەر کەمی گریمانەی فۆنۆلۆجی بۆ بەشەکان وا دادەنرێت کە لە کاتێکدا نوێنەرایەتییەکان لەوانەیە لە سەرەتادا کەمتر پێشبینی بکرێن، بەڵام بە تەواوی دیاریکراون. جۆرە جیاوازەکانی یاسا پێشکەش دەکرێن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لە فۆرمەکانی بەرهەمهێناندا هەموو تایبەتمەندییەکان بۆ هەموو بەشەکان بەهایان هەیە « Patricia A. K. (1988: 275)

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، کە تیۆری (under specification) لە تیۆری مۆرفۆلۆجیشدا بەکاردەهێندرێت، بەتایبەتی لە پێناو ئاماژەکردن بۆ ئەو حاڵەت و دۆخانەی کە تێیاندا مۆرفیم کۆمەڵێکی تەواوی لە نیشانەی جیاکەرەوە هەڵناگرێت، هەربۆیە، گونجاوە. لەگەڵ پانتاییکی فراوانی ئەو ژینگە مۆرفۆلۆجییانەی چاوەڕوانکراون و ئەگەری دەرکەوتنیان هەیە. لە ڕێبازی مۆرفۆلۆجییدا، بۆ نموونە: لە کاتێکدا کە جێناوە ئینگلیزییەکانی وەک (he - ئەو- کوڕ)،

(she - ئەو- کچ)، تایبەتن بە ڕەگەز، بەڵام لە حاڵەتی کۆدا کە دەبن بە (they) ئەوان، واتە دیاری نەکراون بە (ڕەگەز). لە هەندێک لەو تێڕوانینەی تیۆری دیاری نەکراو کە بەم دواییانە داندراون، سیستەمەکانی بەراوردکردن خۆیان دیاری ناکەن، کە ئەو تایبەتمەندییانە کامانەن کە بەهاکانیان بە شێوەیەکی ناتەواو دیاری دەکرێت. بەڵام تەنیا وەک یەک هۆکار دەچنە ناو بابەتەکەوە. سەبارەت بە کۆمەڵەی پارچە و بەشەکانەوە، کە هەر دانەیەک ڕوونکراوەتەوە تێیدا، لەوانەیە یان بەهایەک یان هەردوو بەهای لە نواندنە سەرەکییەکاندا پێبدرێت.

نموونە (کۆ) ی زمانی ئینگلیزی دەنگی (s) کە بە دەنگی [z] دەردەکەوێت وەکDogs :، بەڵام ئەم مۆرفیمە کۆیە لە وشەیەکی وەک (cats) کپ کراوە بۆ بۆ دەنگی (s) بەهۆی توانەوەی بە دەنگی کپی (t) کە لەپێش مۆرفیمە کۆیەکە هاتووە و کپی کردووە.

لە وشەی (pin) ئینگلیزی لەگەڵ پیتی (p) دەنگی (h) لە ژێرەوە بە نادیاری دەبیسترێت، بەڵام لە وشەی (spin) دەنگی (h) گۆناکرێت و نابیسترێت.

لە زمانی کوردیدا بە نموونەی هەریەک لە دەنگی >ش /ʃ/ ~ <و >ژ /ʒ/ ~ <لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا دوو فۆنیمی سەربەخۆن، بەڵام هەمان ئەم دوو دەنگە لە کاتی گۆکردنیاندا لەئاستی فۆنەتیکدا و بەپێی تیۆری دیاری نەکراو ئەگەر کەوتنە پێش هەریەک لە دەنگەکانی >د <و >ت <ئەوا فۆنیمی >ش <و >ژ <نابن بە واتاگۆڕ لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، چونکە ئەم فۆرم گۆڕینە و جێگۆڕکێ کردنە لە نێوان دەنگی >ش <دەنگی >ژ <بە هاتنیان لەدوای دەنگە گیراوەکاندا بەو شێوازی دابەشبوونی تەواوکەرانە دەردەکەون و لە ڕاستیدا ئەم دەنگانە نە دەنگی >ش<ن و نە دەنگی >ژ<ن بەڵکوو فۆرمێکی تایبەتیان هەیە و بەپێی ئەم تیۆرییە لە فەرهەنگدا ئەم هێمایەی بۆ دادەنرێت./Ş/ :

(ش) و (ژ) ئەم دوو دەنگە فۆنیمن چونکە لە هەندێک شوێنی تردا، بەپێی "بچووکترین جووت" وەکو فۆنیم خۆیان دەردەخەن وەکو:

لە وشەی کاژ >ژ< فۆنیمە

لە وشەی بەش >ش< فۆنیمە

بەڵام کاتێک هەردوو دەنگی >ش< و >ژ< دەکەونە لای گیراوەکان (ت و د) نازانین (ش و ژ) فۆنیمن یاخود فۆنیم نین، چونکە دەنگی (د) و (ت) پێمان دەڵێن ئەم دەنگانە چین؟ بۆیە ئەم دەنگانە بە تیۆری (دیاری نەکراو) لە فەرهەنگدا ئەم هێمایەی بۆ دادەنرێت./Ş/ :

بەپێی دابەشبوونی "تەواوکەرانەی ناچاری" (بڕوانە، پێشڕەو ساڵەح (٢٠١٥: ١٧) دەنگی (ش) دەگۆڕێت بۆ (ژ) ئەم دەنگانە لە تیۆری (دیاری نەکراو) دا و لە فەرهەنگدا ئەم هێمایەی بۆ دادەنرێت./Ş/ :

>ش< / ʃ / هەشت + دە هەژدە/Ş/ خشۆک و گیراو گروپێکن پێیاندەوترێت بە خشپە دەنگ کەواتە ئەمانە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و کارتێکردنیان لەسەر یەکتر هەیە لەناو فەرهەنگدا، پێیاندەڵێن "دابەشبوونی تەواوکەرانە"، گیراو و خشۆکی دەنگدار پێکەوە دێن، گیراو و بێدەنگ پێکەوە دێن, لەناو وشەی بنەڕەتی فەرهەنگیدان.

/ڕشتم//دەرێژم/
لە مۆرفۆلۆژییدا
کۆشتە بکوژ کەوتووەتە ناو دەوروبەرێکی دەنگدار.
کەواتە چۆن دەنگی /ش/s/~/ی /بەهەشت/ فۆنیمێکی پێڕەوەکەیە، /ژ /j/~/ی وشەی /مژدە/ یش فۆنیمێکی دیکەیەتی. ئەمە بۆ دەنگەکانی /ش/ ی /ڕشتن/ و ڕشتی و بۆ /ژ/ ی /دەرێژێت/ یش هەمان چشتە. (محەممەد مەحویی: 2016)
هەندێک لە زمانەوانان کاریان لەسەر ئەم دیاردە فۆنۆلۆژییە کردوە بەشێوەی جیاواز، بەڵام درکیان بەم تیۆرییە نەکردوە.
بەشێکی زۆری ئەو چاوگانەی کە /ت/ ین گۆڕانی فۆنۆلۆژیی بەسەریان دێت، کاتێک فۆرمی ڕانەبووردوویان بەسەردا جێبەجێ دەکەین، دوا فۆنیمی ڕەگەکە لە کپەوە بۆ گڕ (+دەنگدار) دەگۆڕێت.
ڕشتم - دەرێژم
ناشتم - دەنێژم
چەشتم - دەچێژم
کوشتم - دەکوژم
/ش/ [+خشۆک]، [-دەنگدار]، [+ ڕەقە مەڵاشوویی]
/ژ/ [+خشۆک]، [+دەنگدار]، [+ڕەقە مەڵاشوویی]
گۆڕانە دەنگییەکان لە هەندێک شوێندا ئارەزوومەندانەیە(سەرپشکییە) فۆنیمی یەکەمی بڕگەی دووەم کاریگەری لەسەر فۆنیمی کۆتایی بڕگەی یەکەم دەکات و گۆڕانەکە ڕوودەدات:
پێش + من (پێژمن)
پاش + من (پاژمن)
دەست + گیران - (دەس گیران)، (دەزگیران)
هەندێک جار (ژ) کە دەکەوێتە پێش هەندێک دەنگی کپەوە، وەک (ش) گۆ دەکرێت.
ڕژان - ڕشتی - ڕشتن
کوژرا - کوشتی، کوشتن
یان بە پێچەوانەوە (ش) کە دەکەوێتە پێش (ژ).
ئەگەر فۆنیمی "دەنگدار و کپ" کەوتنە پاڵ یەکترەوە ئەوە یەکێکیان کار لەوی تریان دەکات، واتا یەکێک لە فۆنیمەکان وەک فۆنیمەکەی تەنیشتی دەگۆڕێت بەهۆی کاریگەری ئەو فۆنیمە، وەک:
ا- پشدەر - پژدەر
بەشدار - بەژدار
گۆڕانی فۆنیمی /ش/ بۆ /ژ/ بەهۆی کاریگەری فۆنیمی /د/ ەوە ڕوویداوە چونکە دەنگی [د] دەنگدارە، بەڵام دەنگی [ش] کپە. (بازیان یونس: 127: 2013)
ب- بۆت دێنم - بۆد دێنم گۆڕانی /ت/ بۆ /د/
/ت/ [+گیراو]، [-دەنگدار]، [+ددانیی]
/د/ [+گیراو]، [+دەنگدار]، [+ددانیی]
فۆنیمی یەکەمی بڕگەی دووەم کاریگەری لەسەر فۆنیمی کۆتایی بڕگەی یەکەم کردووە و پاشان گۆڕانەکە ڕوودەدات و فۆنیمەکە وەک یەکیان لێ دێت.
پ- گەستی - دەگەزێت گۆڕانی /س/ بۆ /ز/
/س/ [+خشۆک]، [-دەنگدار]، [+ددانیی]
/ز/ [+خشۆک]، [+دەنگدار]، [+ددانیی]
گۆڕانی دەنگێک بۆ دەنگێکی تەنیشتی خۆی یان نزیک لە خۆی بۆ نموونە زۆر جار (ز) لە بەردەم هەندێک دەنگی کپدا وەک (س) گۆ دەکرێت.
پارێز - پاراستن
گۆڕانی دەنگی [ز] بۆ [س] بە کاریگەری دەنگی [ت] ەوەیە چونکە دەنگی [ت] کپە، بەڵام دەنگی [ز] دەنگدرە، بەمەش هەوڵ دەدات کار لە دەنگی [ز] بکات و بیگۆڕێت بۆ دەنگی کپی [س].

## 2-1) مێژووی ئەم گریمانەیە:

تیۆری کەم تایبەتمەندیی چوارچێوەیەکی تیۆرییە، لە زمانەوانیدا، کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵدا، بە پلەی یەکەم لە چوارچێوەی زانستی فۆنۆلۆژیدا، پێشنیاری ئەوە دەکات کە نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکانی دەنگە زمانییەکان، یان فۆنیمەکان، بۆ هەموو تایبەتمەندییەکانیان بە تەواوی دیاری نەکراون و تایبەتمەندییە ونبووەکان بە بنەما، یان ڕێسای گشتی کە سیستەمی دەنگی زمانێکی دیاریکراو بەڕێوە دەبەن پڕبکرێنەوە. تیۆری کەم تایبەتمەندی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە کارەکانی "نیکۆلای تروبێتسکۆی" دەستی پێکرد، کە کەسایەتییەکی دیار بوو لە فۆنۆلۆژیای پێکهاتەییدا. "تروبێتسکۆی" چەمکی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ناساند، کە بریتین لە کەمترین پێکهاتەکان، کە فۆنیمێک لە فۆنیمێکی دیکە جیا دەکەنەوە. هەروەها چەمکی تایبەتمەندییە نیشانەنەکراوەکان و نیشانەکراوەکانی پێشنیار کرد، کە تایبەتمەندییە نیشانەنەکراوەکان بە دۆخی پێشوەختە یان گشتگیر دادەنرێت و تایبەتمەندییە نیشانەکراوەکان ئەوانەن کە لە پێشوەختە لا دەدەن.

له سالانی شەستەکاندا، فۆنۆلۆژیای بەرهەمهێنان، کە قوتابخانەیەکی باڵادەستی بیرکردنەوە بوو لەو کاتەدا، جەختی لەسەر ڕۆڵی یاساکان دەکردەوە لە وەرگرتنی فۆرمەکانی ڕووکار لە نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکانەوە. بەڵام فۆنۆلۆژیای بەرهەمهێنان لە ڕوونکردنەوەی هەندێک شێوازی دەنگیدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە پرۆسەی ئاسمیلەکردن و جیابوونەوەیان تێدایە.

## 3-1) بوارەکانی تیۆری کەم تایبەتمەندیی:

تیۆری کەم تایبەتمەندی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بوارە جیاوازەکانی زمانەوانی هەبووە، لەوانە:

1 - فۆنۆلۆژیی: سەرەتایی تیۆرییەکە، لە بواری فۆنۆلۆژیی بوو، بۆ شیکردنەوەی شێوازەکانی دەنگ، لە سەرجەم زمانە جۆراوجۆرەکاندا.

2 - مۆرفۆلۆژیی: بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دروستبوونی مۆرفیمەکان (یەکە مانادارەکانی زمان) بەکارهاتووە.

3 - فێربوونی زمان: تێڕوانینێکی پێشکەش کردووە سەبارەت بەوەی، کە منداڵان چۆن دەنگ و پێکهاتەی زمانیی زگماکی خۆیان فێر دەبن.

4 - گۆڕینی زمان: گریمانەی توخمە دەنگییە ناتەواوەکانیش دەتوانرێت بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانی زمان کەڵک وەربگیرێت. بە تێپەڕبوونی کات، کەمکردنەوەی تایبەتمەندی هەندێک تایبەتمەندی دەتوانێت ببێتە هۆی دەرکەوتنی دەنگی نوێ یان لەدەستدانی دەنگی کۆن.

هەموو تایبەتمەندیی فۆنیمەکان لە زماندا بە تەواوی دیارینەکراون، بەڵکوو تەنیا بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی، کە پێویستن بۆ جیاکردنەوەیان لە فۆنیمەکانی تر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا خراونەتە ڕوو.

## 4-1) تیۆریی کەم تایبەتمەندیی و نیشانەکردن:

نیشانەکردن ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی تایبەتمەندیدا هەیە، زۆر جار تایبەتمەندییە نیشانەنەکراوەکان، ئەوانەن، کە لە نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکاندا بە دیارینەکراوی ماونەتەوە، چونکە لەسەر بنەمای مەیلە گشتییەکان لە بەرهەمهێنانی دەنگدا پێشبینی دەکرێن، تیۆری نیشانەی دیارینەکراو لەلایەن زمانەوان" Archangeli, D دا خراوەتە ڕوو، بۆ ئەوەی نیشانە پێشبینینەکراوەکان و نیشانە بەها دارەکان لە نواندنی بنەڕەتیدا ڕوونبکاتەوە و توخمە پێشبینیکراوەکان لەرێگەی یاساوە دیاری بکات. کە بریتین لە هەر زانیارییەکی پێشبینیکراو، کە بە یاسا دیاریکراوە. تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکان، فۆنیم، نیشانە، تۆن، هێز دارشتەی برگە... دەگرێتەوە Archangeli, D 1988 .کارە سەرەتاییەکان ئەوەیان ئاشکرا کرووە، کە زۆرێک لە چەمکە ئاسمانییەکان وا دەردەکەون کە لەسەر بنەمای مێتا-ئۆپۆزیسیۆنێکی زاڵ پێکهاتوون، ئەوانیش "بوون/نەبوون". بۆ نموونە لە "ڕۆژ/شەو"، شەو بە شێوەیەکی ئاسایی لەلایەن خەڵکەوە وەک "نەبوونی ڕووناکی ڕۆژ" بیر دەکرێتەوە، "لە ناو تیۆری کەم تایبەتمەندیدا، هەر تایبەتمەندییەکی پێشبینیکراو، یان بەهای تایبەتمەندی لە نوێنەرایەتی بنەڕەتیدا بەجێ دەهێڵرێت و دواتر بە یاسای زیاد لە پێویست لە کاتی دارشتەی فۆنۆلۆژیدا دابین دەکرێت. بەڵام پێشنیارێکی هاوشێوە لە ڕێبازی بەرهەمهێنانی سەرەتاییدا، وەکSPE [1] ، لە ژێر ناوی "تیۆری نیشانەدان"دا خرایە ڕوو. تیۆری نیشانەدان بە مەبەستی وەسفکردنی پەیوەندییە کاریگەرییە گشتگیرەکانی نێوان تایبەتمەندییەکان و پلەی نیشانەدانی بەشەکان بوو. بۆ نموونە جگە لە "+" و "-"، نیشانەدانی تایبەتمەندییەک بە بەهای "m" نیشان دەدرێت، لە کاتێکدا بەهای نیشانەنەکراو لە نوێنەرایەتی و فەرهەنگیدا بەجێ دەهێڵرێت، بە بەکارهێنانی بەم پێیە نوێنەرایەتییەکانی [u voice, -sonorant] و [m voice, -sonorant] بە ڕێککەوت وەک-] دەنگدار، [-sonorant و[+voice,-sonorant] لێک دەدرێنەوە (Sang-Cheol Ahn, (1990: 309 .بۆیە هاوشێوەی حاڵەتی کەم تایبەتمەندی، ڕیزبەندیی تایبەتمەندییەکان، بۆ هەموو تایبەتمەندییەکان لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە نیشانە نەکراوە.

## 5-1) نیشانەی جیاکەرەوەی فۆنیمەکان:

تیۆری نیشانە جیاکەرەوەکان سەرچاوەی خۆیان لە تیۆری هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان دەخرێنە ڕوو، واتە هەمبەری نێوان فۆنیمەکان لە نیشانە جیاکەرەوەی فۆنیمەکاندا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە چۆنییەتی گۆکردن و دەست نیشانکردنی تایبەتمەندیی ئەو دەنگانەی کەوا شوێنی سازگە و درکاندنیان لە یەکەوە نزیکە، چونکە لە هەندێک باردا، ئەو فۆنیمانە دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بێ ئەوەی کار لە واتای سەرەکی وشەکە بکەن.

ترۆبسکۆی لە قوتابخانەی (پراگ) یەکەم زمانەوان بوو، کە بەشێوەی زانستی گەشەی بە بیری ڕێبازی نیشانە جیاکەرەوەی فۆنیمەکان دا، لە قوتابخانەی پرگدا بەم جۆرە پێناسەی فۆنیم کراوە، (فۆنیم بچووکترین کەرەستەی سەرەتایی نییە، فۆنیم بریتییە لە چەپکێک یان هەندێک لە نیشانەی جیاکەرەوە) (محەممەدی مەحوی: 2001: 119) ئەمەش لە پێناسەکەوە دیارە، کەوا لە قوتابخانەی پراگدا، فۆنیمەکان وەک کەرەستەی بنچینەیی نەخراونەتەڕوو، بەڵکو هەر فۆنیمێک کۆمەڵێک نیشانەی جیاکەرەوەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە فۆنیمەکانی تر جیای دەکاتەوە. واتە "ترۆبسکۆی" پێی وایە فۆنیم بچووکترین یەکەی فۆنۆلۆژییە و جووت دەنگە بەرامبەرەکانیش (هەمبەرەکان) (oppositions) تەنیا لە سیستەمی زماندا هەن. ئەرکی فۆنیمیش دەکرێت ئەمانە بن.

١-دەشێت دوو دەنگ لە هەمان دەوروبەری دەنگیدا دەربکەون، بتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بێ ئەوەی ببنە هۆی گۆڕینی واتا، ئەوە ئەو دوو دەنگە بەرجەستەی یەک فۆنیمن، ئەم دوو دەنگە لە هەندێک ژینگەی زمانەکەدا بەهۆی نزیکی شوێنی سازگەی درکاندنی ئەم دەنگانە و لێکچوونیانەوە، جێگەی یەکتر دەگرنەوە و دەبنە ئەلۆفۆنی یەکتر. (محەممەد مەعرووف: 1990: 74)

بۆ نموونە:

چب کەم ⟵ چپ کەم

هەروەها دوو دەنگی / س، ز / لە هەندێک باردا دەتوانن شوێنی یەکتر بگۆڕنەوە بۆ نموونە

/س / دەسگا

/س/ ز / دەزگا

[1] شێوازی دەنگی ئینگلیزی (بە ئینگلیزی: **Sound Pattern of English**) کارێکی ساڵی ١٩٦٨ە لەسەر فۆنۆلۆجی (لقێک لە زمانناسی) لەلایەن نوام چۆمسکی و مۆریس هالی نووسراوە. سەرەڕای ئەوەی ناونیشانەکەی تایبەتە بە تێڕوانینێک دەربارەی فۆنۆلۆژی زمانی ئینگلیزی، هاوکات گفتوگۆ و دیاردەی جۆراوجۆری فۆنۆلۆجی لە چەندین زمانی دیکەشدا ڕوون دەکاتەوە.

٢ -ئەگەر دوو دەنگ لە هەمان دەوروبەری دەنگییدا دەرکەوتن و نەیانتوانی پێکەوە شوێنی یەکتر بگرنەوە و جێگۆڕکێیان پێبکرێت، بەبێ گۆڕانکاری لە واتادا، یاخود بێ ئەوەی وشەکە لێڵ بکات، یان وای لێ بکات لە زمانەکە نامۆ بێت، ئەوا ئەو دوو دەنگ وێنەی دوو فۆنیمی جیان. ئەمەش لە ڕێگەی گچکەترین جووتەوە دەخرێنە ڕوو لە زمانێکی دیاریکراودا بۆ نموونە /بیر، پیر/ ئەمە ئەوە نیشان دەدات، کە بەگۆڕینی فۆنیم، هەریەکەیان بۆ ئەوەکەی تر، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا، یەکێک لە ڕێگە سەرەکییەکانی دیاریکردنی لیستی فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراو، دەگونجێت بەپێی ئەم یاسایە بێت.

٣ -ئەگەر دوو دەنگی جیاوازی هەمان زمان لە هەمان دەوروبەری دەنگیدا دەرکەوتن و توانیان شوێنی یەکتر بگرنەوە، لە ڕووی گۆکردن و درکاندن و بیستنەوە لە یەک نزیکبن، بەبێ ئەوەی کار لە واتا بکەن، ئەوا ئەو دوو دەنگە نوێنەری یەک فۆنیمن. بۆ نموونە، شوێنگرەوەی دەنگی /خ/ و دەنگی/غ/، بە هەمان شێوە دوو فۆنیمی سەربەخۆ دانراون، ئەم دوو دەنگە زۆر جار بە گۆڕینەوەی شوێنەکانیان واتای وشەکان ناگۆڕن جیاوازی ئەم دوو دەنگە لەگەڵ خاڵی یەکەمدا ئەوەیە کە /خ، غ/ لە ژینگەی جیاوازدا (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بەڵام لە خاڵی یەکەمدا تەنیا لە یەک ژینگەدا دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە بۆ نموونە:

خەمگین ⟵ غەمگین (سەرەتا)

باخەوان ⟵ باغەوان (ناوەڕاست)

داخ ⟵ داغ (کۆتایی)

خ [+ خشۆک، - دەنگدار، + گەروو]

غ [+ خشۆک، + دەنگدار، + گەروو]

نیشانە جیاکەرەوەی دەنگەکان، لایەنی لێکچوون و جیاوازی دەنگەکانی زمان لە یەک جیا دەکەنەوە، بەوەی لە کاتی درکاندن و گۆکردنی دەنگەکاندا، تاڵە ژێیەکانی قوڕگ تا چەند دەلەرێنەوە و دەنگە دەنگدار و دەنگە کپەکان دروست دەکەن، هەروەها شێوەی درکاندن و گۆکردنی دەنگەکانیش نیشانەیەکن لە نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنیمەکان. بۆ نموونە؛

گواستنەوە گواستمەوە ⟵ دەگوازمەوە

پاراستن پاراستم ⟵ دەپارێزم

دەنگەکانی /س/ و /ز/ لە ڕووی درکاندن و گۆکردن و سازبوونەوە لە هەمان شوێنی دروستبوون، تەنیا بەهۆی دەنگداری و کپی یەوە نیشانەی جیاوازیان هەیە، ئەمەش وا دەخرێتە ڕوو، دیاردە فۆنۆلۆژییەکانی زمانەکە ئەو گۆڕانکارییەیان دروست کردبێت، کە بەسەر وشەکەدا هاتووە. (پێشڕەو ساڵح: 2015: 17-20)

### 2) هەمبەری فۆنۆلۆجییانە Phonological Opposition

زاراوەیەکی گرنگە لە زمانەوانیدا بۆ ئاماژەدان بە جیاوازی نێوان یەکە دەنگییەکان بەکار دێت. ئەم زاراوەیە بە پلەی یەکەم لە فۆنۆلۆژیدا بەکار دێت، کە جیاوازی نێوان تایبەتمەندییە جیاوازەکانی دەنگ، یان لە نێوان بوونی و نەبوونی تایبەتمەندییەک، بە هەمبەری (دژایەتی) ناودەبرێن. پێشبینی دەکرێت، هەمبەری فۆنۆلۆژیانەی (phonological opposition) نێوان دەنگەکان، لە ڕێگەی نیشانەی دەنگدارییەوە جیا بکرێتەوە، لەبەر ئەمە، بەرانبەر بە یەک-وەستانەوەی" دەنگدار/ کپ" گچکەترین هەمبەر (minimal contrast) نیشانەیەکی جیاکەرەوەیە. /نگ/ لەگەڵ /ک، گ/ و /م/ لەگەڵ/پ، ب/ و /ن/ لەگەڵ /ت، د/ دا لە بەهای پۆزەتیڤی لووتی" دا جیا کردووەتەوە (محەممەدی مەحوی: 2008: 214)

بۆ نموونە، جیاوازی نێوان /p/ و /s/ دەتوانرێت وەک تێکەڵەیەک لە دوو هەمبەری"دژایەتی" شوێنی سازگە و و شێوازی قسەکردن "گۆکردن"سەیر بکرێت، یەکەم هەوڵ بۆ پۆلێنکردنی هەمبەرییەکان، بەم مانایە لە تیۆری دژایەتییە جیاوازەکانی قوتابخانەی پراگ بوو، بۆ یەکەمجار لە بنەماکانی فۆنۆلۆژیای نیکۆلای تروبسکۆی (١٩٣٩) دا داڕێژراوە. جۆرە سەرەکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن دان پێدا نراون (کریستاڵ: ٢٠٠٨: ٣٤٢) نیشانە جیاکەرەوەکان دوو جۆری سەرەکی پێکهاتوون:

#### 1-2) نیشانە دوو پەلکییەکان Binary Features

لایەنێکی گرنگ و جێی مشتومڕی تیۆرییەکەی جاکۆبسۆن ئەوەیە کە تایبەتمەندییە هەمبەرییەکان بریتین لەو فۆنیمانەی کە دوو بەهای"+" یان "-" هەبێت. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە) سیمای [+voice] ئاماژە بە لەرینەوەی دەنگەژێییەکان دەکات ئەگەر دەنگەژێیەکان دەلەرێنەوە لە کاتی ڕێکخراوەدا لە کاتێکی بەرهەمهێنانی هەندێک لە دەنگەکاندا ئەوە دەڵێن ئەو دەنگە گڕە [+voice] ئەگەر نا دەڵێین دەنگەکە کپە ( [-voice] خەبات هادی جەمیل، (٢٠١٥: ٨٤)

#### 2-2) نیشانە پلەییەکان Gradual features

لەم بەشەدا دەکرێت فۆنیمەکان لەسەر چەندین نیشانە و بەهای جیاواز دەستنیشان بکرێن، لەوانە هێز ڕۆڵی خۆی هەیە لە دەستنیشانکردنی شێوەی گۆکردنی دەنگەکان، لەڕووی درێژی و کورتی دەربڕینەوە، بۆ نموونە:

زارا - za/ra

هێزی برگەی یەکەم لە دەنگی / ا / کەمترە لە ئەو هێزەی کە لەسەر برگەی دووەم هەیە. بۆیە ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی جیاوازییان لە ڕووی گۆکردنەوە.

دەتوانرێت بگوترێت لە فۆنۆلۆژی زمانەکەماندا هەمبەری ڕۆڵێکی چالاک دەبینێت، هاوکارت ترۆبسکۆی بە گشتی لە پێڕەوی هەمبەریەکاندا دوو جۆر دەستنیشان دەکات:

##### 1-2-2) هەمبەری دوو لایی Bilateral Opposition

جۆرێکە لە هەمبەری قوتابخانەی پراگ، "ئۆپۆزسیۆنێکی یەک ڕەهەندی یان دوو لایەنە ئەو ئۆپۆزیسیۆنەیە کە تێیدا تایبەتمەندییەکانی هاوبەشی هەردوو فۆنیمەکە لە فۆنیمەکانی تردا ڕوونادات."Marcel Danesi ,2009:18. بە واتای ئەوەی کە "دوو فۆنیم لە تاکە سیفەتێکدا بەرامبەر بە یەک بوەستن، وەکوو لەم جووتە فۆنیمانەدا دەردەکەوێت / د: ت/ ، / ب: پ/، /ز: س /، / ژ: ش/ ئەو جووتە فۆنیمانە لە هەموو سیفەتێکدا وەک یەکن، تەنیا لە

سیفەتی گڕی و کپیدا نەبێت بەرامبەر بە یەک دەوەستن، فۆنیمەکانی لای ڕاست لەو جووتە فۆنیمانەدا گڕن و ئەوانەی لای چەپیش کپن"تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠٠٥: ٢٣)

تایبەتمەندیی [ت] و [د]

<ت /t/ ~ <کپێکی نا هەناساویە، پوکیی - تەقاوەیە، سەری زمان لە پوکی سەرەوە دەدات.

/تیر / [ti: r] /بەتاڵ / [bə . ta: ɫ] /بەخت/ [bəxt]

/تاڵ/ [ta: ɫ] / سەتڵ / [sə . tɨɫ] /سابات/ [sa . ba: t]

/تەڕ / [təR] /مەتەڵ/ [mə . təɫ] /دەست/ [dəst]

<د ~ /d/ <دەنگدارێکی نا هەناساویە، پوکیی تەقاوەیە لە کۆتایی وشە و بڕگەدا نەبێت هەمیشە دەنگدار دەردەبڕێت.

/داڵ/ [da: ɫ] /سەردان/ [sər . da: n] /کورد/ [kurt]

/دڵشاد/ [dɨɫ . ʃa: d] /مەردان/ [mər . da: n] /سارد/[sa: rt]

/دڵ/ [dɨɫ] /مەیدان/ [məy . da: n] /شاد/ [ʃa: t]

### 2-2-2)هەمبەری فرە دوو لایی Multtilateral Opposition

ئەم جۆرەیان بە هەمبەری فرەڕەهەندیش دەناسرێت، لەم هەمبەرییەدا، تێیدا تایبەتمەندییە جیاوازەکان، هاوبەشن بۆ هەردوو فۆنیمەکە و لە فۆنیمەکانی تریشدا ڕوودەدەن: بۆ بۆ نموونە/t/ /p/ ، و /k/ تایبەتمەندییەکانی [+stop] و [-voice] هاوبەشی دەکەن؛ بەڵام ئەوان هەروەها [+stop] لەگەڵ هاوتاکانی [+دەنگ]/b, d/ ، و /g/ هاوبەش بکە. Marcel Danesi ,2009:18 :.

ئەم سێ فۆنیمە /ت، پ، ک/ لە /- دەنگداریی/ دا هاوبەشن، بەڵام لە سازگەی بەرهەمهێنانیاندا لە سێ سازگەی جیاواز بەرهەم دێن، هەروەها فۆنیمەکانی / د، ب، گ/ لە /+ دەنگداریی/ دا هاوبەشن بەڵام لە سازگەی دروستکردنیاندا جیاواز بەرهەم دەهێنرێن.

/ [p]پ//کەپر/[kə . pɨr]

/ [b]ب//سابات/[sa . ba: t]

/ [t]ت//دەست/ [dəst]

/ [d]د//کورد/ [kurt] ~ [kurḍ]

/ [k]ک//کار/ [ka: r]

/ [g]گ//گەل/ [gəl]

ترۆبسکۆیی لە ڕوانگەی ئەو دوو جۆرەی سەرەوە چەند وەچەیەکی تری لە هەمبەریی دیاریکردووە، ئەمانەن:

### 3-2-2) هەمبەریی بە کۆمەڵ:Proportional Opposition

لەم جۆرەدا کۆمەڵێک جووتە فۆنیم کە تێیدا هەر جووتێک لەم هەمبەرییەکەدا لە هەموو تایبەتمەندییەکاندا هاوبەش بن و تەنیا لە یەک تایبەتمەندیدا جیاواز بن لە هەمبەری /ز/ و/ س/ ، /گ/ و /ک/ هەریەکێک لەم جووتانە جیاوازن و خاوەنی دەنگی دەنگدار و کپن، هاوکات شوێنی سازکردنی هەردوو جووتەکان مەڵاشوو تێدا هاوبەشن.

<ز /z/~ <دەنگدارێکی خشۆکی پوکییە، لە هەمو جێکەوتەکانی (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی) وشەدا دێت و دەبیسترێت.

/زۆر/ [zo: r] /ئازاد/ [a .za: d] /بەناز/ [bə .na: z]

/زمان/ [zima: n] /سازان/ [sa .za: n] /سۆز/ [so: z]

<س ~ / s/ <کپێکی پوکیی خشۆکە، لە شێوەزارەکەدا لە چەند وشەیەکدا لەگەڵ دەنگە پانەکەی (/ص/~/س/) دەبیسترێت، وەک ~ [ṣəwzə] ([səwzə]لە جێکەوتەی وشەدا بەرجەستە دەبێت.

/ساڵ/ [sa: ɫ] /دەست/ [dəst] /باس/ [ba: s]

### 4-2-2) هەمبەری بێهاوتا Isolared Opposition

لە بواری فۆنۆلۆجیدا، بەتایبەتی لە قوتابخانەی پراگ، ئۆپۆزیسیۆنی، گۆشەگیر، یان دابڕاو" ناو دەبرێت، بە جووتێک تایبەتمەندی بێهاوتا ناسراوە. ئەم چەمکە بەکار دێت بۆ وەسفکردنی بارودۆخێک کە تێیدا دوو دەنگ لە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانێکدا بە یەک تایبەتمەندی دەنگی بێهاوتا جیا دەکرێنەوە، لە زمانی کوردیدا هەر یەکە لە کۆنسۆنانتەکانی/ ر/ /ڕ/ جووتە فۆنیمەکانن کە لەسەر بنەمای لەرە لەرکردن پێکەوە جیا دەکرێنەوە، لە کاتێکدا کۆنسۆنانتەکانی دیکە لەسەر ئەم بنەمایە جیا ناکرێنەوە بەڵکوو ئەم تایبەتمەندییەکی نموونەیی ئەم جووتەیە لە سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا.

برین هەمبەر برین--- بلین لە گۆکردنی منداڵی بچووک.

[ڕ]: [- بڕگەیی، + دەنگدار، + لەرزۆکی، + زرنگدەرەوە، + پووکی]

[ر]: [- بڕگەیی، + دەنگدار، + لەرزۆک، -زرنگدەرەوە +پووکی]

[ل]: [- بڕگەیی، + دەنگدار، + لایی، -جوولە +پووکی]

### 5-2-2) هەمبەریی تایبەت Privative Opposition

لە فۆنۆلۆجیدا قوتابخانەی پراگدا، "ئۆپۆزیسیۆنی تایبەت" چەمکێکە بەکار دێت بۆ وەسفکردنی بارودۆخێک کە تێیدا دوو دەنگ لە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانێکدا بە بوون یان نەبوونی تاکە تایبەتمەندییەکی فۆنەتیکی جیا دەکرێنەوە. لەم جۆرە هەمبەرییەدا فۆنیمێک بە بوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی، لە فۆنیمەکەی دیکە بە نەبوونی ئەو تایبەتمەندییە لە یەکتری جیا دەکرێنەوە ئەم هەمبەرییە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕووبەڕووی هەمبەری بە کۆمەڵ و هەمبەری پلەدار هەڵوەستە وەردەگرێت.

ئەم کۆنسۆنتانە / م، ن/ سازگەیان تایبەتن بە لووتی هەمبەریەتی/ب، پ/ ی نالووتییەکان دەکەن، هاوکات کۆنسۆنانتەکانی /-پ/ +ب/ دەنگدار هەمبەرێتی کپەکان دەکەن، بروانە هەمبەری فرە دوو لایی.

بەرانبەر - بەرامبەر

عەنبەر - عەمبەر

[/ن/ ] + لووتیی [ ی] + دەنگدار [ ی] + دانیی و پووکی

[/م/ ] + لووتیی [ ی] + دەنگدار [ ی] + لچولێویی

[/ب/ ] + گیراو [ ی] + دەنگدار [ ی] + لچولێویی

## 6-2-2) هەمبەرێی پلەدار Gradual Opposition

جۆرە هەمبەرییەکی ورد و گرانە، بریتییە لەو دژایەتییەی کە پلەی جیاوازی تایبەتمەندییەک لە خۆ دەگرێت: بۆ نموونە تایبەتمەندی [کراوە] ی بزوێنەکان. لەم جۆرە هەمبەرییەدا ئەندامانی هەمبەرییەکە پلەی درێژیی یان کورتی و ڕادەیی کرانەوە، تایبەتمەندییان هەیە. واتە دەنگە درێژەکان نیشانەی پلەیان چەندە دەنگە کورتەکان نیشانەی پلەیان چەندە، ئەم هەمبەرییە زۆر ورد گران دەستنیشان دەکرێت. هاوکات ئەم جۆرە لە هەمبەریی، پشت بە بوونی و نەبوونی نیشانەیەکی دیارکراو نابەستن لە هەمبەریەکەدا بەڵکوو پشت بە پلە یاخود پلەبەندی هەندێک تایبەتمەندییەکان و ڕادەی کرانەوە، یان بەرزبوونەوەی زمان لە بۆشایی دەمدا دەبەستن.

ا) برگەییەکانی ریزی سەرەوە

[u: ] (وو/ ی خاو/ دوو] [du:

[u ] و/ ی کورت کورد] [kurd

[i:] (ی/ خاوسیی/] [si:

[i] (ی/ گرژ/ [gesk] [gisk]ˇ /گیسک //نیسک/ [nisk]

ا) برگەییەکانی ریزی ناوەڕاست

[o] (ۆ/ [ʃo: r] / شۆر/

[ə] / [dəs [tə] /دەست/ تە/

[ɨ ] برگەییە (سارد) ەکە، هەرچەندە ووەها دەردەکەوێت، کە لە گچکەترین جووت

وشەی هەمبەرییدا هەبێت، بەڵام دەرکەوتنی ئۆتۆماتیکی پێشبینیلیکراوە

ا) برگەییەکانی ریزی خوارەوە

/ [a [ka: ɫ] /کاڵ/

دەنگە برگەییەکان بە هیچ چەشنێک لە سەرەتای وشە و برگەوە دەرناکەون و ڕێگەپێنەدراون دڵشاد محەممەد غەریب (2019: ٦٢-٦٣).

## 7-2-2)هەمبەرێی هەمان نرخیی Equipollent Oppositio

ئەم جۆرە هەمبەرییە بە هەمبەرێی هەمان ئەنجامی و هاوتا و یەکسانیش ناسراوە، ڕێژەیەکی هاوتا تا ئەندازەیەک لە یەکترەوە بەستەوە دەدات، واتە دوو فۆنیمی هەمبەر بە یەک هەمبەری تایبەت و پلەداریان نییە، بەڵکو هەمبەرییەکی هاوتایان لەگەڵ یەکتردا هەیە، چونکە جیاوازییەکی تایبەت لە نێوانیاندا نییە، پێڕەوی "فۆنۆلۆژی هەموو زمانەکاندا لە نێوان گشت جۆرەکانی هەمبەریەکاندا، هەمبەری هاونرخی ژمارەیەکی فراوانتر لە خۆ دەگرێت، هاوکات ئەم جۆرە نیشانانە، یان تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان لەتەک یەکتری نییە، بۆ نموونە /پ/ و /ت/ ئەم دوو کۆنسۆنانتە لە پەیوەندییەکی هەمبەری یەکساندان، چونکە هیچ نیشانەیەک یان تایبەتمەندییەکیان لە یەکتر ناچێت، تا بتوانرێت هەڵسەنگاندنی پلەدار، یان تایبەت بە خۆی هەبێت" هەردی سەیدە (٢٠١٩: ٦٩)

لە ڕوانگەی تیۆری هەمبەرییەوە دوای تربسکۆی، ڕۆمان جاکۆبسن زیاتر گەشەی بە تیۆرییەکە دا و چەند هەمبەرییەکی دەستنیشان کرد، کە وا زۆر وردن و لە زۆر باردا بۆ دیاریکردنی نیشانە و هەمبەرییەکانی جیاکردنەوەی فۆنیمەکان، پێویستی بە ئامێری دەنگی تایبەتە. ئەمانەش هەندێن لەوانە- :

## 8-2-2) هەمبەرێی توند و تیژ grave and acute

زاراوەکانی) توند (grave -و) تیژ (acute -بەکار دێن بۆ وەسفکردنی جۆرێک لە دژایەتی لە نێوان دەنگەکان، بەتایبەتی لە چوارچێوەی نیشانە جیاکەرەوەکاندا. ئەم زاراوەیە لە فەرەنسییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تێیدا "توند" بە واتای "نزم" یان "قورس" دێت، و "تیژ". تایبەتمەندی ئەکوستیکی دەنگی، چربوونەوەی زیاتر یان کەمتری وزە لە مەودای شەبەنگی خواروو (توند)، یان شەبەنگی سەرەوە (تیژ). "دەنگە توندەکان ژوورێکی گەورەتر یان کەمتر روونیان هەیە لە دەنگە تیژەکان. جیاوازییەکە لە نێوانm] ، p، b، [هەمبەر بەn] ، t، d]، هەروەها لە نێوان ڤاوڵەکانی پێشەوە و دواوەi] ،: [بەرامبەرu] ، [e] " Hadumod Bussmann (2006: 491) o]

"توند "Grave ئەم زاراوەیە بەکار دێت بۆ وەسفکردنی ئەو دەنگانەی، کە بە نزمبوونەوەی زمان لە دەمدا دانراون. لە چوارچێوەی ڤاوڵەکاندا، ڤاوڵە توندەکان بە شێوەیەکی گشتی نزمن و لە پشتەوەن، وەک دەنگی /ɑ/ دەنگ لە وشەی "با".

"تیژ "Acute ئەم زاراوەیە بەکار دێت بۆ وەسفکردنی ئەو دەنگانەی، کە بە بەرزبوونەوەی زمان لە دەمدا دانراون. لە چوارچێوەی ڤاوڵەکاندا، ڤاوڵە تیژەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بەرزن و ڤاوڵی پێشەوەن، وەک دەنگی /i/ لە وشەی "نیسک".

دژایەتی نێوان دەنگەکانی توند و تیژ چەمکێکی سەرەکییە لە فۆنۆلۆجیدا، چونکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان لەناو زمانێکدا. ئەم دژایەتییە بەتایبەتی گرنگە لەو زمانانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە ڤاوڵەکانیان هەیە، چونکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ جیاکردنەوەی تایبەتمەندیی نیشانەی جیاوازیی ڤاوڵەکان.

### 2-2-9) هەمبەری چڕی و بڵاو compact/ diffuse

"چڕی" و "بڵاو" زاراوە گەلێکن کە لە زمانەوانیدا بەکار دەهێنرێن، بەتایبەتی فۆنۆلۆژیدا، بۆ وەسفکردنی خستنە ڕووی بزوێنەکان، کە پەیوەندیی بە شوێنی زمانەوە هەیە لە دەمدا.

-Compactچڕیی: ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ ئەو بزوێنانەی کە زمان بەرز دەبێتەوە لە دەمدا، کە کۆئەندامی دەنگ بەرتەسک دەکاتەوە. ئەمەش دەنگێکی بزوێنەری بەرزتر و ڕوونتر دروست دەکات. نموونەی بزوێنە کۆمپاکتەکان بریتین لە) /i/ وەک لە وشەی "گیسک"و /u/ وەک لە وشەی."گوڵ"

چڕی «یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەنگ، کە لە لایەن جاکۆبسۆن و هالەوە دانراوە، لە تیۆری نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنۆلۆژیدا، بۆ جیاوازی شوێنی گۆکردن. چڕیی دەنگەکان بە شێوەی گۆکردنی ئاکویستیکی پێناسە دەکرێن، وەک ئەوانەی کە توندبوونەوەیەکی تا ڕادەیەک لە پێشەوە لە دەمدا و چڕبوونەوەی تا ڕادەیەک بەرزی وزەی دەنگی لە بەشێکی تەسک و ناوەندی شەبەنگی دەنگدا ڕوودەدات«.(Crystal: 2008: 90) .

Diffuse -بڵاو: دەنگەکان بە شێوەی گۆکردنی ئەکویستیکی پێناسە دەکرێن، وەک ئەوانەی کە توندبوونەوەیەکی تا ڕادەیەک لە دواوە دەمدا دەگرێتەوە و چڕیی تارادەیەک کەمی وزەی دەنگی لە بەشە نا ناوەندییەکانی شەبەنگی دەنگدا دەگرێتەوە(Crystal: 2008: 144) ".

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو بزوێنانەی کە زمان لە خوارەوەی دەمدا جێگیر دەبن، ئەمەش کۆئەندامی دەنگی کراوەتر دروست دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگی بزوێنێکی نزم و زیاتر بڵاوبووەوە. نموونەی بزوێنە بڵاوەکان بریتین لە) /a/ وەک لە وشەی "باوک.("

/کەو <kəu´> [/ناوی باڵندە]

/کەو] <kəu> [ئاوەڵناو- ڕەنگ]

وشەکە یەک برگەیە بۆیە دەکرێت بگوترێت، چڕیی و بڵاو، لە ڕووی خستنە ڕووی بزوێنەوە پێچەوانەن. بەرزی ڕێژەیی دانانی زمان دەکرێتە پێوەر، کە لە بەرامبەردا کاریگەری لەسەر کوالیتی دەنگی بزوێنەکە دەبێت، دەستنیشانکردنی هەمبەری لە نێوان ئەو دوو وشەیە قورس و گرانە و پێویستی بە ئامێری دەنگی تایبەتە. بۆ نموونە شوێنی هێز لەسەر دەنگە ڤاوڵەکە، گۆڕانکاریی پۆلە ڕەگەزەکان دەهێنێتە ئاراوە.

ناو<nask> [na . s´ɨk] [ناسک]

ئاوەڵناو <nask> [na . s´ɨk] [ناسک]

وشەکە دوو برگەییە و سەر بە پۆلە ڕەگەزی ناوە بەڵام بە فۆنەتیکی برگەییە ساردەکەی ([ɨ] )چڕتر بەرجەستە دەکرێت بۆیە لە فەرهەنگدا وەک پۆلە ڕەگەزی (ئاوڵناو) دیاری دەکرێت نەک ناو. بڕوانە (دڵشاد محەممەد: ٢٠١٩: ١٧٧)

### 2-3) بێلایەنبوون :neutralization

بێلانبوون زاراوەیەکی گرنگی زمانەوانییە، بە تایبەتی لە بواری فۆنۆلۆجیدا (هەر کاتێک دوو یان زیاتر لە دوو پارچەی دەنگی لە ژینگەیەکی تایبەتدا هەمان دەرکەوتنیان هەبێت ئەوا بێلایەن بوون دەردەکەوێت. (خەبات هادی جەمیل، (2015: 35» لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا، هەردوو دەنگی [د] و [ت] دوو فۆنیمی جیاوازن (داڵ- تاڵ) لە زمانەکەدا، کاتێک [د] و [ت]، گۆڕانی دەنگیی [د] بۆ [ت] ڕوودەدات، ئەوکاتە /ت/ دەبێتە فۆنیمێک کە هەردوو دەنگەکە لە خۆ دەگرێت و نە وەکوو فۆنیمی /د/ و نە وەکوو فۆنیمی /ت/ نامێنێت بەڵکوو دەبێتە فۆنیمێکی نوێ ئەمەش وای لە زمانەوانەکان کردووە، کە نەزانن کامیان وەکوو بنچینە وەربگرن. لەم بارەوە محەممەد مەحوی (٢٠٠٨: ٢٢٥) دەڵێت" لە کۆتایی وشەدا "دەنگداری" بەرجەستە نابێت و دەرناکەوێت ئیتر گرنگ نییە ئەگەر بە یەک گیراو یان بە زرنگدەرەوەیەک و کۆنسۆنانتێک کۆتایی هاتبێت یان نا دەنگداری /د/ لە کۆتایی وشەدا نامێنێت و بێلایەن دەبێت.

/سەد[sət] ~ [sət] /

/کورد[kurt] ~ [kurḍ] /

/توند[tunt] ~ [tund] /

### 2-3-1) تایبەتمەندییەکانی بێلانبوون:

١ -نەهێشتنی جیاوازی نێوان دوو فۆنیم لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، بە زۆری لە کۆتایی وشەدا.

٢ -بۆ ئەوەی ئاسان بێژەکردنی دەنگەکانی زمانەکە گۆبکرێت.

٣ -زیانەکانی، دەتوانێت پێڕەی فۆنۆلۆژیی کەمتر شەفاف بکات.

٤ -سوودەکان، بێژەکردنی زمانەکە ئاسانتر دەکات.

### 2-3-2) پەیوەندیی نێوان کەم تایبەتمەندی کۆنتراست و بێلایەنکردن:

پەیوەندی نێوان کەم تایبەتمەندی کۆنتراست و بێلایەنکردن ئەوەیە، کە هەردووکیان ڕێگەیەکن بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی فۆنیمەکان لە زمانێکدا. کەم تایبەتمەندی دژ بە یەک بە لابردنی تایبەتمەندییەکان لە نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکان کە جیاواز نین بەردەست دەخات، لە کاتێکدا بێلایەنکردن، بە نەهێشتنی جیاوازی نێوان دوو فۆنیم لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەکات. ڕێبازی ئێستا لە ڕێبازەکانی ڕابردوو جیا دەکاتەوە. ڕێبازی ئێستا بەشێکی تێروانینەکانی پشت بە ئارخیفۆنیمی قوتابخانەی پراگ دەبەستێت (جاکۆبسۆن 1929؛ ترۆبسکۆی 1929، 1936؛ مارتینێت 1936؛ بڕوانە ئاکاماتسو 1988). بێگومان کۆمەڵێک جیاوازی هەیە، کەمترینیان پرسی چەمکی فراوانی پێگەی فۆنیمە. ژمارەیەک جیاوازی پراکتیکی لە نێوان ئارخیفۆنیمە کلاسیکییەکان و نوێنەرایەتییە پێشنیار کراوە کەم تایبەتییەکان دیاریکراون بریتین لە:

ا. کەم تایبەتمەندی سنووردار کراوە بۆ ئەو سەگمێنتانەی کە لە جێگرتنەوەکاندا بەشدارن، لە کاتێکدا کە ئارخیفۆنیمەکە بۆ بێلایەنکردنی شوێن بەکار هێنرا، تەنانەت ئەگەر هیچ جێگرتنەوەیەک ڕووی نەدابێت.

ب. هیچ سنوورێکی دەرەکی نییە لەسەر ئاستی کەم تایبەتمەندیی، لە کاتێکدا بەکارهێنانی ئارخیفۆنیم بە شێوەیەکی ئاسایی سنووردار بوو بۆ ئۆپۆزیسیۆنی دوو لایەن"bilateral oppositions "

پ. هیچ مەرجێک نییە کە ئەو سێگمێنتانەی کە بە پلەی جیاواز کەم دیاری کراون، جیاوازیان هەبێت، لە کاتێکدا ئارخیفۆنیمە جیاوازەکان، پێویستە لە ڕووی فۆنەتیکییەوە جیاواز بن(15 :Sharon Inkelas (1994 .

لە ژێر ڕۆشنایی تایبەتمەندی دژ بە یەکدا، تەنیا ئەو تایبەتمەندییانەی کە پێویستن بۆ جیاکردنەوەی نێوان فۆنیمەکان لە نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکاندا دەخرێنە ناوەوە. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، تایبەتمەندی [+دەنگدار] بۆ بزوێنەکان جیاواز نیین، ئەمەش بەو مانایەیە کە هەموو بزوێنەکان لە بنەڕەتدا [+دەنگدار] ن.

لە بێلایەنکردندا دوو فۆنیم کە لە کۆنتێکستەکانی دیکەدا جیاوازن، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا یەکسان دەبن. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا فۆنیمی /د/ و /ت/ لە زۆربەی کۆنتێکستەکاندا جیاوازن، بەڵام لە شوێنی کۆتایی وشەدا یەکسان دەبن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جیاوازی دەنگداردا لە شوێنی وشە-کۆتاییدا بێلایەن دەکرێت.

بنیاد بنیات

سەد سەت

## ئەنجام:

1 - لە زمانی کوردیدا، بە زۆری فۆنیمەکان هەموو تایبەتمەندییەکانیان بە شێوەیەکی تەواو دیاری نەکراون، چونکە بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندیی فۆنیمەکان، زمانەوانەکان پێویستییان بە ئامێری دەنگیی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی لایەنە نەزانراوەکان دیاریی بکرێن.

2 - لە فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیدا، دەنگەکان بە چونە پاڵ یەکدی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و هەمشە یاساکانی مۆرفۆلۆژیی لە پێش یاساکانی فۆنۆلۆژیی دەتەقنەوە.

3 - توخمە دیارینەکراوە ناتەواوەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئاستەکانی زماندا دەبینرێنەوە، دەکرێت بگوترێت دەنگە گیراوەکانی زمانی کوردی زۆرترین هەمبەری گۆڕنکاریی دروست دەکەن، بۆ نموونە، دەنگی <ش> دەنگی <ژ> بە هاتنیان لەدوای دەنگە گیراوەکاندا بەو شێوازە دەردەکەون و لە ڕاستیدا ئەم دەنگانە نە دەنگی <ش>ن و نە دەنگی <ژ>ن بەپێی ئەم تیۆریی دیارینەکراو بەڵکو فۆرمێکی تایبەتیان هەیە و بەپێی ئەم تیۆرییە لە فەرهەنگدا ئەم هێمایەی بۆ دادەنرێت/Ş/ .

4 - پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان پێشبینیان لێ دەکرێت، گرنگ بۆیان دابەشبوونی تەواوکەرانەیە لەژێر کۆنترۆڵی قسەکەردا نین بەو واتاییەی جیاکەرەوەی واتا نیین، هەندێکیان نیشانەکراو و هەندێکی تریشیان نیشانە نەکراون.

## سەرچاوەکان:


1. ئەورەحمانی حاجی مارف (1978). زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
2. بازیان یونس محێدین (2013)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆژی و سینتاکس، چاپی یەکەم، هەولێر.
3. پێشڕەو ساڵەح عەلی (2015)، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، زانکۆی سلێمانی.
4. تالیب حوسین علی (2015)، دەنگسازی چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی، چاپی یەکهەم، هەلێر.
5. دڵشاد محمد غریب (2019)،هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکووکدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
6. خەبات هادی جەمیل2015, فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
7. محەمەدی مەحویی (2001)، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
8. محەمەدی مەحویی (2008)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، بەرگی دوهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
9. محەمەدی مەحویی (2009)، مۆدێل و مۆددێلەکانی ڕێزمان" چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
10. محەمەدی مەحویی (2016)، مەنامە، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
11. هەردی سەیدە محەمەد (٢٠٢٢)، گۆڕانی فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
12. هەژار قادر ئیسماعیل (2013)، ڕۆنانی بڕگەو سنوری بڕگە لە شێوەزاری باڵەکایاندا، هەولێر.
13. Archangeli, D., 1988. Aspects of under specification theory. Phonology, 5 (2).
14. David Crystal (2008) A Dictionary of Linguistics and Phonetics 6th Edition. London. uk
15. Hadumod Bussmann (2006) Routledge Dictionary of Language and Linguistic, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi, London. uk
16. Jack C. Richards and Richard Schmidt (2010) Longman Dictionary of LANGUAGE TEACHING AND APPLIED LINGUISTICS Fourth edition
17. Marcel Danesi ,2009 Opposition theory and the interconnectedness of language, culture, and cognition University of Toronto, Toronto, ON, M5S 2S2, Canada
18. Patricia A. K. (1988). Under specification in Phonology, University of California, Los Angeles, pp. 280
19. Sang-Cheol Ahn,1990, An Overview of the Theory of Under specification Kyung Hee University 1 Hoegi·dong, Dongdaemun· ku Seoul
20. Sharon Inkelas (1994), The consequences of Optimization for Under specification University of California.